# ئایا ستیپێندیۆم خەڵاتە؟

نەبەز

زۆر بە کورتی:

ماوەیەک لەمەوبەر ڕوونکردنەوەیەک لەلایەن سێ نووسەری کورد - خەبات عارف، بەرۆژ ئاکرەیی و فەرهاد شاکەلی - لە سایتە کوردییەکاندا بڵاو کرایەوە. ناوەڕۆکی ئەو ڕوونکردنەوەیە بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی کۆمەڵێک هەواڵ لەسەر خەڵات وەرگرتنی چەند نووسەرێکی کورد لە وڵاتی سوێد دا.

سێ نووسەری ناوبراو لە کۆتایی ڕوونکردنەوەکەی خۆیاندا ڕایانگەیاندبوو کە ستیپێندیۆم خەڵات نییە. لە وەڵامی ئەو ڕوونکردنەوەیەدا سێ نووسەری تری کورد - فەهمی کاکەیی، مەهاباد قەرەداغی و حەمە سەعید حەسەن- (کە پێشتر هەواڵی خەڵات وەرگرتنیان لە سایتە کوردیەکاندا ڕاگەیاندرابوو) هاتنە دەنگ و بە تووڕەییەوە کۆمەڵێک قسەیان کرد.

من وەکو خوێنەرێک لەخۆم دەپرسم: باشە، سێ نووسەر قسەیەکیان کرد و سێ نووسەری تریش لە قسەی ئەو سێ نووسەرە هاتنە دەنگ و بوو بە تەپ و تۆز، ئێستا شوکر تەپوتۆز نیشتۆتەوە و شەش نووسەرەکە مرتقیان لەخۆیان بڕیوە.

بەڵام:
ئەسڵی مەوزووعەکە چی لێهات؟
ئایا ستیپێندیۆم خەڵاتە؟
ئەو برادەرانە شووکر خەڵاتیان وەرگرتووە یان زمانم لاڵ بێت نا؟

کەسێک هەیە وەڵامم بداتەوە؟